شیعر

# دژه دیمەن

ئیسماعیل بەرزنجی

هۆ بنیادەمی دڵڕەق
پێم بڵێ چۆن فریای رق دەکەویت
لە کاتێکدا
دنیا پڕە لە پەپوولە و منداڵ و گوڵ
***
بەرد
هەمیشە سەنگین و گرانە
ئێمە وامانکرد
لە شوێنی خۆی هەڵقەنێت
***
چاو
ئاوی سپی نایفەوتێنێ
ئاوی ڕەش نایفەوتێنێ
چاو
ئەو کاتە دەفەوتێ
کە «شۆڕ» بێت
***
بە ئەستێرەی «کاروان کوژە»م وت:



– واز له کاروانچیان بێنه
فەرمووی:
– بۆ من مرۆڤم تا بکوژم و ببڕم؟.
***
ئاو
٧٠٪ی گۆی زەوی داپۆشیوە
کەچی من هەر تینووم
***
کە حووتەکانی خۆمانم بینی
ئینجا زانیم
حووتی ناو دەریا چەند بەستەزمانە
***
خۆزگەم
بە کێشکەی حەوشەو بان
نە دیمستۆرا دەناسێ
نە کێشەی کارەبا و ئاوی هەیە
نە ژنەکەی مووڕەی لێ دەکا
***
نیویۆرک کۆشکی هەوربڕی تێدایە
تەکساس زەلامی ورگ بڕی تێدایە
تورکیا پیاوی گیرفان بڕی تێدایە
ئەفغانستان قاعیدەی مرۆڤ بڕی تێدایە
گرنگ ئەوەیە ببڕن و بکوژن
***
نە لە کیمیا شارەزام
نە لە فیزیا
زراوم لە ماتماتیک چووە
تاکە عیلمێک
کە تیایدا شارەزام
عیلمی «خەم»ە
***



تا کۆترێک لەم دنیایەدا بمێنێ
دڵی من هەر لێدەدات